

# سێیانە و لاهووتی
# مەسیح

## یەکەم: خوداو سێ ئیقنومەکەی :

هەرکەسێ چاوەکانی بەرەو ئاسمان هەڵبڕێ ، ئەم گەردوونە بێکۆتاییە بەهەموو هەسارە و مانگ و ئەستێرەکانیەوە دەبینێ ، دواتر بە چوارلای خۆیدا ئاوڕدەداتەوە تا ئەم ئەفراندن و جوانییە ببینێ کە شاخە سەرکەش و دەریا بەرینەکان وگوڵە جوانەکان و شلێرە بێگەردەکانی لەخۆگرتوە ، پاشان لە ناخی خۆیدا ڕادەمێنێ ، ئەم جەستە پڕ پەرجووە و دەروون و هەستە پڕ زیرەکی و داهێنانە ، بێگومان لەگەڵ پەسنی بێژەوە دەڵێ "کردارەکانت چەند مەزنە ئەی پەروەردگار ، هەموویان بە دانایی دروست کراون " ( زەبوری ١٠٤: ٢٤ ) .

بەڵێ باوەڕبە بوونی خودا زیاتر پەسەندترە لەونکۆڵییە لە بوونی کە نا پێورێت . کوفر لە مێشکەوە سەرچاوەی نەگرتووە ، بەڵگو هەڵقوڵاوی دڵێکی پیس وگەنیوە ، پەرتووکی پارسا نەیووتووە : زانایەك لە مێشکیدا ووتی خودا نییە ، بەڵکو " نەفام لە دڵیدا ووتی خودا نییە ( زەبوری ٥٣ : ١ ) .

## خودا کێیە ؟

لەگەڵ ئەوەی ئەفرێندراوەکان بوونی خودای مەزن ئاشکرا دەکەن کە ئەو هۆی بوونیانە ، بەڵام ئەوان ئاشکرای ناکەن ئەو کێیە . هەواڵی توانا و مەزنی خۆی پێ داین ( ڕۆما ٢٠ : ١، ١٩ ) بەڵام نەیتوانی لەبارەی خود وگەوهەریەوە پێمان بڵێت . لەبارەی خوداوە لە پە یمانی کۆن هاتووە " ئەوەتا خودا مەزنە و نایناسین ... بەتوانا و پێی ناگەین " ( ئەیوب ٣٦ : ٢٦ ) . لە پە یمانی نوێشدا لەبارەیەوە ووتراوە " لە ڕووناکیدا نیشتەجێیە لێ نزیکبوونەوەی بۆ نییە " ( ١ تیمۆتاوس ٦ : ١٦ ) . ئەوەش شتێك نییە نامۆبێت ، نە من و نە تۆش هەموو شتێك لەبارەی گەردوونەوە نازانین ئەو گەردوونەی خودا دروستی کردووە ، یان هەموو نهێنییەکان بزانین وەك هێزی ڕاکێشان ، کارەبا ، ئەتۆم ... هتد . ئەگەر ئێمە مێشکمان بە ئاسانی درووستکرا و وەرنەگرێ و تێی بگات ئەی ئایا دروستکار چۆن وەردەگرێت و تێی دەگەین "ئایا بۆ قووڵایی خودا دەگەیت ، یان بۆ کۆتایی بەتوانا بە کۆتایی دەگەیت ؟ ئەو لە ئاسمانەکان بەرزترە ئیتر خوازیاری چیت کە بیکەیت ؟ لە قووڵایی هەزار بەهەزار قوڵترە ئیتر چی دەزانیت ؟ " ( ئەیوب ٧ : ٨، ١١ ) .

کەواتە هیچ ڕێگەیەك نییە تا خودای لێوە بناسین مەگەر ئەو دابەزێت و خۆی ئاشکرا بکات . ئاشکراکردنەکە هات : ( خودا تاکە ) ، ئەمەش پەسەندە چونکە فرەیی خوداوەندەکان لای بتپەرستەکان واتە سنووردارکردن و لایەنگیری خوداوەندەکان ، سنوورداری و لایەنگیریش پەیوەستن بە کەم و کوڕی و ناتەواویەوە ، دوور لە خودا لە هەر یەکێ لەوانە .

. **خودا یەکە** :

**ئایەتە پارساکان زۆرن لە هەردوو پە یمانی کۆن و نوێ لەبارەی یەکتایی خودا . بۆ نموونە لە پە یمانی کۆندا دێ :**

**" پەروەردگار خوداوەندمان یەك پەروەردگارە " ( ٦ : ٤ ) ، " منم یەکەم و دواهەمین . هیچ خوداوەندێکی تر نییە بێجگە لە من " ( ئیشایا ٤٤ : ٦ ) .**

**لە پە یمانی نوێشدا دێ :**

**"بەڕاستی ووتت خودا یەکە و جگە لەو خودای تر نییە " ( مارکۆس ١٢ : ٣٢ ) ، " تۆ باوەڕت هەیە کە خودا یەکە . چاك دەکەیت " ( یاقوب ٢ : ١٩ ) زۆری تر جگە لەوانە .**

## جۆری یەکتایی

**بەلام یەکتایی خودا چ جۆرە یەکتاییەکە ؟ ئایا یەکتاییەکی داماڵراوو ڕەهایە ؟ ! ئەگەر وایە پرسێك خۆی دەسە پێنێ : خودای تەنها و ئەزەلی پێش دروستکردنی ئاسمان و زەوی و فریشتەکان و مرۆڤ چی دەکرد ؟ لە ئەزەلەوە ، ئەگەر جگە لەو کەسی تر نەبوو ، چی دەکرد ؟ ئایا دەدوا و کوێبیست دەبوو و خۆشی دەویست . یان بێدەنگ بوو لەباری مت بوون دا بوو ؟**

**ئەگەر وو تمان نەدەدوا و نە گوێی دەگرت و نە خۆشی دەویست ، کەواتە خودا گۆڕانی بەسەردا هات . چونکە لە ڕێی پێغەمبەرانەوە بۆ باوکەکان دوا ئەو ئەمرۆ ( نوێژبیستە )کەواتە ئەو گوێبیست و وەلامدەرەوەیە ، هەروەها ئەو خۆشی دەوێین کەواتە ئەو سۆز و خۆشویستنە . بەڵێ ئەگەر وو تمان ئەو بێدەنگ بوو نە دەدوا و نە دەبیست و نە خۆشدەویست و پاشان دوا و گوێبیست بوو و خۆشویست بوو گۆڕانکاری بەسەرهات . خودای پایەبەرز گۆڕان و پێشکەوتن بەسەردا نایەت ، چونکە لە ئەزەلەوەیە و تەواوە و بێهاوتایە .**

**بۆ نموونە بڕوانە ( ٢٩ : ٤ ، ٣٢ ، ٣٩ ، ئیشایا ٤٥ : ٢١ ، ٤٦ : ٩ ، لۆقا ١٨ : ١٩ ، یۆحەننا ٥ : ٤٤ ، ڕۆما ٣ : ٣٠ ، ١ کۆرۆنتۆس ٤ : ٦ ، ٨ ، ٥ : ٦ ، ١٢ ، غەلاتیە ٣ : ٢٠ ، ئەفەسۆس ٥ : ٤ ، ٦ )**

**وە ئەگەر وو تمان خودا هەر لە ئەزەلەوە دەدوا و دەبیست و خۆشی دەویست ، پێش دروستکردنی فریشتەکان و مرۆڤ . لەگەڵ کێ دەدوا ، گوێی لە کێ دەگرت ، کێی خۆشدەویست ؟ ؟ ؟**

**ئەوە بەڕاستی گرفتە ، فەیلەسوفەکانیش دووچاری ڕامان کردووە . وای لێ کردوون پێیان باشتربێت نەچینە نێو ئەو نەفامییەوە . بەلام پەرتووکی پارسا چونکە پەرتووکی خودایە ، ئەوە تێیدایە خودا خۆی بۆ ئاشکراکردووین و لە خۆیمان زانیوە کە یەکتایی خودا یەکتاییەکی تەنها و ڕەها نییە بەڵکو یەکتاییەکی کۆگیر و ڕێگیرە کۆگیر بۆ هەموو ئەوەی پێویستەیی ، وە ڕێگیرە بۆ هەموو ئەوەی جگە لەوە.**

وە لەسەر ئەو بناغەیە خودا لە ئەزەلەوە دواوە و بیستوویەتی ، خۆشی ویستووە و خۆشوویستراوە و بینەر و بینراوە . . بێئەوەی هاوبەشێکی لەگەڵ بێت ، بێئەوەی پێویستی بێت بە بەشێك یان کەسێك لە بووندا مەزنی ئەو بەرز و شکۆمەندە .
ئەوە بە پێی پێویست دەمانبات بۆ خاڵی دووەم ئەویش :

## .ئقنومەکانی لاهووت :

ووشەی ئقنوم ووشەیەکی عەرەبی نییە ، بەڵکو سریانییە ، مەبەست لەوەیە کە یەکێك خەسڵەتێکی جیاکەرەوەی هەیە جیاوازی دەکات لە خەڵکی تر یان شتی تر بێئەوەی لێی جودا ببێتەوە . ئقنومەکانی لاهووتیش وایە ، هەر ئقنومێك لەگەڵ ئەوەی جیاکەرەوەیەکی هەیە لە ئقنومەکانی تر ، بەڵام لێیان جیا نابێتەوە ، بەو شێوەیە خودا لە ئەزەلەوە هەموو خەسڵەت و کارە خوداییەکانی ئەنجام دەدا لە نێوان ئقنومەکانی لاهووت پێش بوونی بوونەوەر و درووستکراوەکان بە لەبەرچاوگرتنی بوونی ، جا ئەوە لەگەڵ ئەوەی پڕ کەماڵە تەواو بووە لە خود یان بە خودی خۆی . ئەوە شتێکی شیاو نییە خەسڵەتەکانی ڕاوەستابن لە ئەزەلدا پاشان دوای ئەفراندن بکەوێتە کار چونکە ئەگەر ئەوە وابێت خودا دوور لەئەو دووچاری گۆڕان و پەرەسەندن بووە ، کە ئەو نە دەگۆڕدرێت و نە پەرەدەستێنێ . !

## لە ئاستی مێشك بەدەر

ئەوە ڕاستییەکە کە نکۆڵی لێ ناکرێت کە لەسەرو مێشك و زانینەوەیە . بەڵام ئەوە بە خەوش ناچێ بەڵکو بە پێچەوانەوە بەڵگەی ڕاستییەتی . ئەگەر ئەقڵ شتێك دابهێنێ کە شیاوی بێت و لە سنوورێکی دیاریکراو بە پێی توانای خۆی دایئەهێنێ ، لەبەر ئەوەی ئەو ڕاستییە لە سەرو مێشکەوەیە ، ئەوەش بەڵگەیە کە بەرهەمی ئەو نییە .
ئەو ڕاستییە بیرو مێشکی بیرمەندی مەسیحیی کۆن ئۆغستینۆسی داگیر کردبوو بێئەوەی بگاتە ئاکامێك بە تەواوی ڕازی بکات . وە لە کاتێکدا نقومی ئەو بیرانە بوو بە کەنار دەریادا دەڕۆیشت منداڵێکی بینی لەسەر لمی کەنارەکە یاری دەکرد . بیرمەندەکە ویستی خۆی لەبیر بکات لە منداڵەکە نزیك بووەوە و پرسی لێ کرد چی دەکەیت ؟ منداڵەکە لەوەڵامدا ووتی هەوڵ دەدەم ئاوی دەریاکە بگوازمەوە ئەم چاڵەی هەڵم کەندووە . !

ئەو وەڵامە لەو منداڵەوە تیرێك بوو لە ناخەوە ئۆغستینۆسی پێکا ، وازی لە هەوڵی تێگەیشتنی ئەم بابەتە بە مێشك هێنا . وە لە ڕاستیدا بابەتێکی لۆژیکییە کە خودا لەسەرو مێشکەوە بێ ، ئێمە ئەگەر توانیمان خودایەك بە مێشك وەرگرین و تێی بگەین ئەوە خودا نییە .
ئەگەر ئێمە نەمانتوانی دروستکار بە مێشکمان تێبگەین ، ئیتر ئەم مێشکانە بەکەڵکی ئەوە نایەن حوکم بەسەر ئەو بەخششە بدەن کە خودا داییەزاندووە تاکو خۆی پێ ڕابگەیەنێت بۆ ئێمە . بەڵێ خودا مێشکی نەداوە بە ئێمە تا لە دروستکار بگەین بەڵکو تا لە درووستکراو بگەین . بەڵام لە بەردەمی دروستکار مێشك دەچەمێتەوە و بە تەواوی هەست بە بچووکی خۆی دەکات .

## پەرتووك چی دەفەرمووێ ؟

یەکەم ئایەت لە پەرتووکی پارسا ئەم ڕاستییە ئاشکرا دەکات :
" لە سەرەتادا خودا ئاسمان و زەوی ئافراند " . وە لەم ئایەتەدا کرداری " ئافراند " بە تاك هاتووە ، لە کاتێکدا ناوی پایەدارو پڕ شکۆ " خودا " کە لە بنەڕەتە عیبرییەکە ( ئیلۆهیم ) ە بە شێوەی کۆ هاتووە . وە یەکەم ڕاسپاردەش لە شەریعەتدا ئاماژەی بۆ دەکات " گوێ بگرە ئیسرائیل . پەروەردگار خوداوەندمان یەك پەروەردگارە " وە ووشەی یەك لێرە بە زمانی عیبری مەبەست لە یەکتایی لێکدراوە .
بەڵام لەوە ڕوونتر هەیە :
١. لە درووستکردندا خودا فەرمووی : " مرۆڤ درووست دەکەین لەسەر وێنە و شێوەی خۆمان " ( پەیدابوون ١ : ٢٦ )
وە دوای کەوتن : " پەروەردگار خوداوەند فەرمووی : ئەوەتا مرۆڤ وەك یەکێك لە ئێمەی لێهات و خێرو شەڕ دەزانێ " ( پەیدابوون ٣ : ٢٢ ) .
وە لە سەردەمی بنیادنانی تاوەری بابل پەروەردگار فەرمووی : " با لەوێ دابەزین و زمانیان بەرش و بڵاو بکەینەوە " ( پەیدابوون ١١ : ٨ ) کەواتە ئەو ڕاستییەکی ڕاگەیاندووە لە یەکەم سپیارەکانی پەرتووك سەبارەت بە درووستکراو ، پاشان کەوتنەکە ، ئینجا سزادان . وە لە ( ئیشایا ٦ : ٨ ) ئایەتێك هەیە هەردوو شێوەی تاك و کۆ کۆدەکاتەوە : " گوێم لە دەنگی سەروەر بوو دەیفەرموو کێ بنێرم ( تاکە ) وە کی دەڕوا لە پێناومان ( کۆیە ) " . ئەو باسی یەکتاییمان بۆ دەکات لەگەڵ فرە ئقنومی .
٢. بێگومان ئەم پێکەوەنانە لەگەڵ ڕێزمانی عیبریدا ڕاست نایەتەوە . بەڵام خودا سرووشی بۆ موسا بەم لێکدراوە زمانەوانییە ناباوە بوو ، تا لە یەکەم ئایەتەوە سەرنجی بداتە ئەو ڕاستییە گەوهەرییە : یەکتایی ناوەڕۆك و فرە ئقنومی .

٣. لە زمانی عیبریدا دوو ووشە لەبارەی یەکتاییەوە هەیە : ووشـەی ( ئیخاد ) و ( یاخید ) . ووشـەی دواییان مەبەست لە یەکتایی ساکارە . بەلاَم ووشەی ( یەك ) لە ئایەتەکا نماندا ووشەی ( ئیخاد ) ە کە بـەکار نایەت تەنها بۆ یەکتایی لێکدراو نەبێ وەك یەك یەك هێشووی ترێ یان گەل هەستا یەك پیاو هەلێساند . ئەویش هەمان ووشەیە کە لە ( پەیدابوون ٢ : ٢٤ ) دا هاتووە " پیاو بـاوك و دایکی بـەجێ دەهێلێ و بـە ئافرەتەکەیەوە دەنووسێت و دەبن بەیەك جەستە " .

٤. ڕەخنە ڕاست نابێتەوە کە خودا شـێوازی کۆی بـۆ گەورەکردن بـەکار هێناوە ، چونکە ئەو شـێوازە لە زمانی عیبریدا نییە کە تەوراتی پێ نووسراوە . تەنانەت پاشـاکان لەبـارەی خۆیانەوە بەشـێوازی تاك باسـیان کردووە " من فیرعەونم " ( پەیدابوون ٤١ : ٤٤ ) ، " من نەبوخەدنەسەرم " ( دانیال ٤ : ٣٢ ) ، من داریوسم " ( عەزرا ٦ : ١٢ ) ، بەڵکو کاتێك خودا لەگەڵ ئیبراهیم دووا پێی فەرموو " من قەلغانم بۆت " ( پەیدابوون ١٥ : ١ ) ، " من خودای بەتوانام " ( پەیدابوون ١٧ : ١ ) .

## سێیانەی پارسا

بەلاَم تەنها فرە ئقنوومی نییە کە دەیبینین لە پە یمانی کۆندا ، بەڵکو فرەیی ئقنومەکانیشە . با بـۆ نموونە گوێ لە بانگکردنی سەرۆفیم بگرین کە لە ( ئیشایا ٦ : ٣ ) دا هاتووە " پارسایە پارسایە پارسایە " بـۆچی ووشەی " پارسایە " ڕێك سێ جار دەڵێتەوە و کەمتر نا ؟ لەبەر ئەوەی ئاماژە بۆ هەرسێ ئقـنوومەکانی لاهووت دەکات .

* باوك ( پارسایە ) یۆحەننا ١٧ : ١٠
* ڕۆڵە ( پارسایە ) بینین ٣ : ٧ ، لۆقا ١ : ٣٥
* ڕۆحی پارساش ( پارسایە ) ١ سالۆنیك ٤ : ٨ ، ئەفەسۆس ١ : ١٣

پاشان گوێ لە بەرەکەتی هارون بگرە بۆ گەل ، ئەویش بەرەکەتێکی سێیانیە " خوداوەند پیرۆزت دەکات و دەتپارێزێت ، خوداوەند لەگەڵت ڕووخۆش دەبێت و میهرەبان دەبێت ، خوداوەند ئاوڕت لێ دەداتەوە و ئاشتیت پێ دەبەخشێت . " بۆچی ؟ چونکە ناوی خودای هەلگرتووە " جا ناوم دەکەنە سەر ناوی ئیسرائیل و منیش پیرۆزیان دەکەم " .هەروەها کاتێ بەلعام وویستی نەفرەت لە گەلی خودا بکات ، خودا سێ جار سەری دا ، یەکەمجار ( خودا سەری لە بەلعام دا ) . جاری دووەم ( خودا سەری لە بەلعام دا ) . لەجاری سێهەم ( ڕۆحی خودای لەسەر بوو ) ئایەتی ١٦ ، ٢٣ : ٤ ، ٢٤ : ٢ ، واتە باوك و ڕۆڵە و ڕۆحی پارسا

پاشان لە زەبوری دووەم ، دوای ئەوەی لە ئایەتی ١ – ٣ باسی شۆڕشی بەدکاران و یاخیبوونیان لە خودا دەکا ، دوای ئەوە لە ئایەتی ٤ – ٦ خودا وەڵامی دانەوە " ئەوەی لە ئاسمان دانیشتووە پێدەکەنێت ، خوداوەند گاڵتەیان پێدەکات ... بەڵام من پاشای خۆم لەسەر چیای پارسای خۆم ، چیای سییۆن داناوە " دواتر لە ئایەتی ٧ – ٩ دەربارەی ڕۆڵەکەی باسمان بۆ دەکات کە فەرمانی خودایی ڕاگەیاندووە " من بڕیاری پەروەردگارتان بۆ ئاشکرا دەکەم . پەروەردگار پێی ووتم تۆ ڕۆڵەی منی من ئەمڕۆ بووم بە باوکی تۆ ، داوام لێ بکە . میللەتان دەکەم بە میراتت ، ئەو پەڕی زەوی دەکەم بە موڵکی تۆ " .

لەدواییدا ئایەتی ئامۆژگاری و ئاگادارییە لە ڕۆحی پارساوە " جا بۆیە ئەی پاشایان هۆشمەندبن ... بەترسەوە پەروەردگار بپەرستن ... پێی ڕۆڵە ماچ بکەن نەوەك تووڕە بێت " وە لە ( ئیشایا ٤٨ : ١٦ ) ئاماژەیەکی زۆر گرنگی تیایە گوێ لە دەنگی ڕۆڵە بەجەستەبوو دەگرین کە بە ( ڕۆحی پێشبینیەوە ) فەرمووی " لەکاتی بوونیەوە من لەوێم . ئێستاش خودای گەورە و ٢ ڕۆحی خۆی ٣ منی نارد " واتە باوك و ڕۆڵە و ڕۆحی پارساش .

بەڵام ئەگەر گەیشتینە پە یمانی نوێ دەبینین ئەم ڕاستییە ڕاگەیەندراوە زۆر بە ڕوونی ، وە دیمەنی لەمۆرکردنی مەسیح یەکەم ئاشکراکردنی ڕاشکاوی سێیانەیە . کاتێ مەسیح ( ڕۆڵە ) لە ئاوی مۆرکردن دەرچوو ڕۆحی پیرۆزی لەسەر دابەزی لە شێوەیەکی جەستەیی وەك کۆترێك ، دەنگی باوکیش بیسترا بە ڕۆڵەکەی دەفەرموو " تۆ ڕۆڵەی خۆشەویستمی کە پێت دڵخۆش بووم " ( مارکۆس ١ : ١١ ) . پاشان دوای هەستانەوەی مەسیح ، مەڕاسیمی مۆرکردنی مەسیحی بەم شێوە هات " مۆرین بکەن بەناوی باوك و ڕۆڵە و ڕۆحی پارسا " ( مەتتا ٢٨ : ١٩ ) تێبینی دەکەین ئەو نەیووتووە ( مۆریان بکەن بەناوەکانی ) بەڵکو " بەناوی " چونکە هەرسێ ئقنوومەکە یەك خودایە .

لەڕاستیدا ئاماژەکان بۆ سێیانەی پارسا لە پە یمانی نوێدا زۆرن بۆ نموونە لەکۆتایی دووەم نامە بۆ کۆرنتۆس پۆڵسی نێردراو دەفەرموێ : " بەخششی عیسای مەسیحی پەروەردگارمان و خۆشویستنی خودا و هاوبەشیی ڕۆحی پارسا لەگەڵ هەمووتان بێت . ئامین "

وە لە پێشەکی یەکەم نامەی پەترۆسی نێردراو هەمان فەرموودەیە " بۆ ... هەڵبژێردراوان بە خواستی زانینی خودا باوکی دەستپێشخەر لە پارساکردنی ڕۆح بۆ گوێڕایەڵی و پرژاندنی خوێنی عیسای مەسیح " . فەرموو هەندێ ژمارەی ئایەتی تر با خوێنەری ئازیز بگەڕێتەوە بۆیان ئەگەر دەیویستی زیاتر کەڵکی لێ وەرگرێ ( لۆقا ١ : ٣٥ ، یۆحەننا ١٤ : ١٦ ، ١٧ ، کردار ٤ : ٢٩ ، ٣١ ، ١ کۆرنتۆس ١٢ : ٤ ، ٦ ، ئەفەسۆس ٤ : ٤ ، ٦ ، عیبرانیەکان ١٠ : ٩ ، ١٥ ، یەهودا ٢٠ ، ٢١ ، بینین ١ : ٥ ، ٤ .... ) هتد .

## چۆن سێ یەکسانە بە یەك ؟

هەندێك دەشێوێن و تێناگەن چۆن سێ ئقنووم هەر یەك لە ئقنوومەکان خودایە و لە دووایيشدا نابێتە سێ خودا بەڵکو یەك خودا . دەڵێن ئایا ئاسانترین بناغە ژماردن ١ + ١ + ١ = ٣ نییە ؟ پێیان دەڵێین بەڵێ ، بەڵام ١ × ١ × ١ = ١ سەبارەت بە ئقنوومەکانیش وەهایە . لە پەرتووکدا فەرموودەی مەسیح بۆ فیلیپۆس هاتووە **" ئایا باوەڕت نییە کە من لە باوکدام و باوکیش لە مندایە " ( یۆحەننا ١٤ : ١٠ )** وە دەربارەی ڕۆحی پارسا لە پەرتووکدا هاتووە کە ڕۆحی باوکە **( مەتتا ١٠ : ٢٩ )** وە ڕۆحی ڕۆڵەیە **( غەلاتیە )** وە ئەوە واتای وایە ئەو لە باوك و لە ڕۆڵەدایە . کەمێکی تر دێینە سەر ڕوونکردنەوەی زیاتر بۆ ئەم ڕاستییە .

### ژمارەی سێ :

**ئایا پێشتر بیرت لە ژمارە ( ٣ ) کردۆتەوە کە چ پێگەیەکی تایبەتی هەیە لە گەردووندا ؟**

**هەندێ نموونەت لەسەر ئەوە پێشکەش دەکەم :**

لەم هەسارەیەی ئێمە سێ بوار هەیە بۆ ژیان : زەوی ، ئاسمان ، دەریا ، بە جۆرێکی تر ژیان دەکرێ زەمینی یان ئاسمانی یان ئاوی بێت . گەوهەری شتەکان لە سێ وێنەیە : بێگیان ڕووەك ئاژەڵ . مادەش سێ باری هەیە : ڕەق شل گازی . وە لە بنەمای زماندا ووتە لەم سێ ناوە دەرناچێ : بیژەر و گوێر و نادیار . وە بۆ بەراوردکاری : سەرەوەو خوارەوەو هاوتەریب بەکاردەهێنین . گەورە و بچووك و چون یەك . وە کاتیش هەمووی یەکێکە لە سیان : ڕابردوو ئێستا ئاینده . مرۆڤیش بوونەوەرێکی سێیانیە : جەستە و دەروون و ڕۆح . ئاژەڵە زۆر چاکەکانیش لە سێ بەشی سەرەکی دێن : سەر لاشە کلك ، وە هەروەها ماسی و هەروها ڕووەکەکانیش : ڕەگ قەد لق . گەردیلەش سێیانییە لە پێکهاتەدا : پرۆتۆن و نیوترۆن و ئەلیکترۆن . وە یەکەم شێوەی ئەندازەیی داخراو سێ لای هەیە ( سێگۆشە ) و پێویستە بۆ هەر تەنێك سێ هەندەی هەبێ : درێژی و پانی و بەرزی . وە بۆ دیاریکردنی خاڵ لە بۆشاییدا سێ تەوەری دەوێت ( س ، ص ، ع ) . ڕەنگە سەرەکییەکانیش : سوور و زەرد و شینە ، هەموو ڕەنگەکانی تر تێکەڵەی ئەم ڕەنگانەن پێکەوە .

**ئایا سرووشت خۆی فێرتان ناکات ؟**

دەتوانین بەردەوام بین لە گێڕانەوەی ئەم نموونانە تا ببینین ژمارە ( ٣ ) چۆن جێپە نجەی ڕوون و ئاشکرای خۆی لەسەر هەموو ئەو شتانە دەداتێ کە لە نێوماندان و لە دەوروبەرماندان بەڵام با ئەوەندە بەس بێ تا بگەڕێمەوە و تیشکی زیاتر بخەمە سەر سێ لەو سێیانەی لێمان تێپەڕین . ووتمان هەر تەنێك درێژی و پانی و بەرزی هەیە . ئایا ئەم سێ ڕەهەندە شتێکی حەتمییە و پێویستی بوونە ؟ ئایا دەتوانین ڕەهەندی چوارەمی بخەینە سەر ؟ ئەستەمە . یان ئایا دوو ڕەهەند بەسە ؟ وەڵامی ئەویش ئەستەمە . وا دانێ تۆ یەك لە سێ ڕەهەندەکان نەبێ ، با بەرزی نەبێت بێت ،

تەنها درێژی و پانیت بۆ دەمێننەوە . وە ڕوویەکی تەختت دەست دەکەوێت . ئەم ڕووە تەختە شتێکی واقیعی نییە . زانستی بیرکاری وەك ئەم شێوەیە خستۆتە بەر ئەندێشە بەڵام لەڕاستیدا شتێك نییە بەبێ ڕەهەندی سێهەم . کەواتە یان دەبێت هەرسێ ڕەهەندەکە پێکەوەبن یان نەبوونە ... ئایا بۆ ئەمە هیچ بەڵگەیەك نییە ؟؟!

بەڵام ئێمە هەنگاوێکی دوورتر دەنێین بۆ نموونەی دووەم دا . باسمان کرد کە ڕەنگە سەرەکییەکان بریتین لە سوور و زەرد و شین ... ڕووناکی کە ڕەنگی نییە و کە نابینرێ کاتێ پێچدانەوەی حەوت ڕنگی جوان و قەشەنگ و ڕازاوەمان بۆ دێنێتە بەرهەم ، کە ئەوانیش لە بناغەدا هەرسێ ڕەنگە سەرەکییەکەن . سوور ئاماژەیە بۆ تیشکی گەرما کە تیشکی نەبینراوە ، بەڵام گەرمی سەرچاوەی ژیانە و پێویستە بۆ جەستەمان ئەگەرنا دەمرین ، پێویستە بۆ زەوی ئەگەرنا بەروبووم و دانەوێڵەکان نەدەگەیشتن . زەرد ئاماژەیە بۆ تیشکی ڕووناکی ، بەبێ ڕووناکیش لە تاریکیی ڕەشدا دادەنیشین . بەڵام بەهۆی تیشکی زەردەوە دەبینین ، هەروەك چۆن دەتوانین ببینین . شین ئاماژەیە بۆ تیشکی کیمیاوی ، ئەگەرچی ئێمە ئەم تیشکە نابینین بەڵام هەستی پێ دەکەین بەهۆی ئەو کاریگەریی کە لەناو قەبارەماندا درووستی دەکات ، ئایا لەوەدا هاوشانی تەواوەتی نییە سەبارەت بە بواری ڕۆحی ؟ پەرتووك باسی کردووە " خودا ڕووناکییە " ئەو " نابینرێ " ( ١ یۆحەننا ١ : ٥ ، ١ تیمۆتاوس ٦ : ١٦ ، ١ : ١٧ ) . بەڵام خودا کە ڕووناکییە و نابینرێ . ئایا خۆی بۆ ئاشکرا نەکردووین ؟ ئایا سرووش بۆی ئاشکرا نەکردووین لە هەرسێ ئقنومی باوك و ڕۆڵە و ڕۆحی پارسا ؟ بەڵام باوك و ڕۆحی پارسا کەس نایانبینێ .

باوك سەرچاوەی ژیانە ، پارێزەری ژیانە ، تاکە سەرچاوەیە بۆ هەموو شتەکان ( ١ کۆرنتۆس ٧ : ٦ )

ڕۆحی پارساش مەسیح لەبارەیەوە فەرمووی جیهان نایبینێ ( یۆحەننا ١٤ : ١٧ ) بەڵام لەبارەی باوەڕدارانەوە نەیفەرموو ئەوان دەیبینن ( چونکە نابینرێت ) بەڵکو دەیانناسن ، ئەوەش بەو کاریگەرییەی لێیان دەکات ( چونکە لەنێوتانە و لەگەڵتان دەبێ ) .

بەڵام مەسیحی ڕۆڵە ، مرۆڤەکان بەچاوی خۆیان بینیان ، تەماشایان کرد ( ١ یۆحەننا ١ : ١ ) هەروەك ئەوان بەهۆی ئەویشەوە توانییان ببینن وەك فەرموودەکەی " منم ڕووناکی جیهان ئەوەی شوێنم بکەوێت بە تاریکیدا ناڕوات بەڵکو ڕووناکی ژیانی بۆ دەبێت " ، بەڵکو ئەو " ڕووناکی ڕاستەقینەیە " کە ڕاستی هەموو شتەکانی دەرخست ( یۆحەننا ٨ : ١٢ ، ١ : ٩ ) .

جارێکی تر ئایا هەموو ئەمانە واتایان نییە ؟

بەڵام ئێمە هەنگاوێکی دوورتر دەنێین لە نموونەی سێهەمدا : باسمان کرد کە کات سێیانەیە : ڕابردوو و ئێستاو ئاینده . ئەگەرکات تەنها دووانی بوایە بوونی نەدەبوو . وا دانێ ڕابردوو نییە ، کەواتە بوونی کات نەبووە تا ئەم چاوترووکانە ، پاش کەمێك ئەم ساتەش بوونی نابێت کەوا لەبارەی دەدوێین ئەوەش واتا هەموو کات پوکایەوە !

وە ئەگەر ئێستا نەبووایە بەهیچ شێوەیەك ساتێك نەدەبوو كە كات بوونی هەبێت تێیدا . وە ئەگەر ئایندە نەبووایە ئەو كات لەم ساتەدا كە ئێمە تێداین تەواو دەبوو ، بەڵكو بەبێ گومان پێش ئەو كۆتایی دەهات ... كەواتە كات یان سێیانییە یان شتێك نییە ناوی كات بێت ! ! ! .

ئێستا با بیر بكەینەوە كات چۆن دەجووڵێ ؟ ئایا لە ڕابردووەوە دەجووڵێ بۆ ئایندە یان لە ئایندەوە بۆ ڕابردوو ؟
لەڕاستیدا كات لە ئایندەوە بۆمان دێت بەرەو ئاڕاستەی ڕابردوو . بۆ ڕوونكردنەوەی ئەوە ، با ماوەی ئەو كاتە وەرگرین كە پێی دەڵێین ( ئەمڕۆ ) . مەبەستم ئەم ڕۆژەیە كە تۆ ئەم ووشانەی تێیدا دەخوێنیتەوە . لە ڕۆژگارێكی دوورەوە ئەمڕۆ لە ئایندەیەكی دووردا بوو ( سالانی داهاتوو ) پاشان بووە ( مانگی داهاتوو ) دواتر ( هەفتەی داهاتوو ) پاشان ( سبەینێ ) ... ئەوە تا ئێستا بوو بە ( ئەمڕۆ ) واتە ئێستا كە تێیداین ، بەو شێوەیە دەبێ ببێ بە ( دوێنێ ) پاشان ( هەفتەی ڕابردوو ) پاشان ( مانگی ڕابردوو ) دواتر ( ساڵی ڕابردوو ) دواتر ( ساڵانی ڕابردوو ) .
لەوەوە بۆمان ڕوون دەبێتەوە ئەم ماوەیە كە پێی دەڵێین ( ئەمڕۆ ) لە ئایندەوە بۆمان هات بۆ ئێستا و بۆ ڕابردوو .
كات هەمیشە بەم یەك ئاڕاستەیە دەڕوات لە ئایندە بۆ ئێستا بۆ ڕابردوو .
كەواتە ئایندە سەرچاوەی كاتە . ئەو دەفریە كە كاتی تێدایە و دەبێتە یەكێك لە كاتەكان ( ئێستا ) دوایی دەبێتە ( ڕابردوو ) ... ئەو باوكی ڕۆژگارە ، باوكەكە !
بەڵام ئایا لەبەر ئەوەی ئایندە باوكی كاتە ئەوە بەو واتایەیە كە لە ئێستا گەورەترە یان لە ڕابردوو گەورەترە ؟ نەخێر . چونكە لە هەموو ساتەوەختێك لە كات ئێستایەك هەبووە ... ئێستا هەیە چونكە كات هەیە . سەبارەت بە ڕابردووش هەروایە . دەتوانین بڵێین ڕابردوو و ئێستا و ئایندە ، سێیانەی یەكسانیی تەواون . وە هەریەكێك لەوان كاتە ، كاتیش هەمووی بێ ئەوەی ئەوە بگەیەنێت دەشێت یەكێك بەتەنها هەبێت بە سەربەخۆیی لەوانی تر . مەبەستم بەبێ بوونی هەرسێكیان .
ئێستا بیر لە ئایندە بكەرەوە ، ئایندە نەبینراوە . ئەوەی دەیبینین و دەیبیستین و دەیزانین ئێستایە . ئایندە بەلای ئێمەوە بە نادیاری دەمێنێتەوە تا دەبێتە واقعێكی زیندوو لە ئێستادا . كەواتە ئێستا ئەوە كە ئایندەمان بۆ ئاشكرا دەكات ، وە لەڕێی ئەوەوە ئێمە بە كاتی دەگەین . بەهۆی ئێستاوە كات تێكەڵی پەیوەندی دەبێ لەگەڵ مرۆڤ . مرۆڤیش ئایندە دەناسێ . ئایندە ئێستای ناردووە ، هەروەها ئەگەر ئێستا ڕۆیشت ئەویش ڕابردوومان بۆ دەنێرێ . ڕابردووش وەكو ئایندە كە نابینرێت ، بەلام لەگەڵ ئەوەشدا زۆر كارمان لێ دەكات . ئەو بەبیرهێنەرە و مامۆستایە . ئەوە كە تیشك دەخاتە سەر ئێستا و مەزەندەی دەكەین ، با ئامادە بین بۆ ئایندەش كە ئێستا بەرەو لای ئەومان دەبات . ئەم وێناكردنە چەند بەهێزن ئەگەر لێیان ڕامێنین لە ڕووناكی ڕاستیە ڕۆحییە لەڕادەبەدەرەكان . خودا سێ ئقنوومە : باوك و ڕۆڵە و ڕۆحی پارسا . باوك كە كەس نایبینێ كوڕەكەی نارد كە جارێكیان فەرمووی : " ئەوەی منی بینی ئەوا باوك ی بینیوە " ( یۆحەننا ١٤ : ٩ ) . ڕۆڵەكەش ڕۆیشت بۆ ئاسمان ، ڕۆحی پارسامان بۆ ناردین ! ! ! .

# پاشبەندێکی گرنگ

با پێش کۆتایی هاتنی ئەم بابەتە ئەوە ڕوون بکەینەوە ئێمە ناڵێین خودا سێیانەیە لە ئقنومەکەیدا چونکە ڕووناکی سێیانییە ، کات سێیانییە یان .... خودا بە شتێك ناچوێنین . پەرتووك دەفەرمووێ : " خودا بەچی دەچوێنین و بەکام لێچوون هاوسەنگی دەکەن " هەروەها " بە کێم دەچوێنن یەکسانی بم پارساکە دەفەرمووێ " ( ئیشایا ٢٥،٤٠ : ١٨ ) . نەخێر ، جیاوازییەکی گەورەو فراوانە لە نێوان درووستکراو و دروستکار ، لەگەڵ ئەوەش درووستکراو ڕوخساری هەڵگرتووە .

بۆ ڕوونکردنەوەی ئەوە دەڵێین کاتێ پسپۆڕێك تابلۆیەکی هونەرمەندی جیهانی بیکاسۆ دەبینێ دەزانێ ئەوە کاری ئەوە چونکە کەسایەتی ئەوی تیایە بەدەردەکەوێت . ئەوە ئەوە بە هونەرەکەی لەو تابلۆیەدا کە کێشاویەتی ، وە شوێن پە نجەکانی تیا دەرکەوتووە . بەڵام تابلۆکە خودی بیکاسۆ نییە .

ئەوە لێکچوواندنێکی ساکارە بۆ ئەوەی ئێمە باس دەکەین . لەگەڵ ئەوە لە هەموو گەردووندا لێچوونی خودا نییە ( ووتەکان ٤ : ١٠ ١٩ ) . بەڵام ئەم گەردوونە چونکە درووستکراوی خودایە سەیر نییە ئەگەر شتێکی لەبارەی خۆیەوە بۆ دەرخستین " بەڵام ئەوەی لە کاروبارى خوداییدا نابینرێ ( واتا توانا سەرمەدییەکەی و لاهووتەکەی ) ، توانای هەمیشەیی و خودایەتی ، ئەمەش لە درووستکردنی جیهانەوە بە ڕوونی بینراوە " ( ڕۆما ١ : ٢٠ ) .

بەڵێ ئەگەر ئێمە تەماشای هەموو ئەو شتانەی لە چوارلامان کرد بە سێیانی دەیانبینین ، پاشان دەچینە سەر ئاشکراکردنی خودایی لە سرووشدا دەبینین لە خودای باوك و ڕۆڵە و ڕۆحی پارسا دەدوێ ، ئایا دەبێ بەرهەڵستی لە لۆژیك بکەین ؟ دەشێ مێشکمان تووشی سەرسوڕمان بێت ؟ نەخێر ، بەڵکو ئێمە بە ملکەچییەوە کڕنۆش دەبەین لە پێش خودا کە بە خودی خۆی بۆ ئێمەی درووستکراو و هەژاری ئاشکرا کرد . ئەوەی ئەگەر خۆی ئاشکرا نەکردایە بۆمان ئەم ڕاستییە پارسایەمان دەربارەی ئەوەی کە خودا لە گەوهەردا یەکە و سێیانەیە لە ئقنوومەکانیدا بەبیردا نەدەهات . هەموو شکۆمەندییەك بۆ ئەوە .

## دووەم : ئایا مەسیح ڕۆڵەی خودایە ؟

**" ڕاتان چییە دەربارەی مەسیح ؟ " ( مەتتا ٢٢ : ٤٣ )**

هەندێك وا دەزانن کە مەسیح مرۆڤە و مەسیحیەکان کردوویانە بە خودا و بەرزیان کردۆتەوە بۆ پایەی خودا ، بەڵام پێچەوانەی ئەوە ڕاستەکەیە . هەر باوەڕدارێك لە پەرتووکی پارسادا زۆر بە ڕوونی ئەوە دەبینێ ئەوە خودایە کە دابەزیوە تا ببێتە مرۆڤ .

لە سەرەتادا با ئەم پرسە بکەین : ئەگەر خودا وویستی ببێ بە مرۆڤ ئایا دەتوانێت ؟ بێگومان وەڵامەکە ( بەڵێ ) یە . بۆ ئێمە نەهاتووە هەرگیز سنوور بۆ تواناى خودا دابنێین . بەڵام لەوانەیە بەرهەڵستکارێك بڵێت : ئەو هەمووشتێك دەتوانێ بەڵام پێویستی بە چییە و چ پێویستێك دەکات ؟ ، وەڵامی ئەم پرسە گرنگە دوا دەخەم بۆ بەشی سێهەم کە باسەکە دەربارەی کەفارەتی مەسیحە .

بەڵام ئێستا با بەڕێز و کڕنۆشەوە نزیك ببینەوە تا بەکورتی باس لەو ڕاستییە بکەین کە پارساترین بابەتە لە باوەڕی مەسیحیدا . وە با بەئاگابین لە درێژە پێدان و هێرش بردن . لەکۆنەوە خەڵکی بەیت شەمس وویستیان تابووتەکە بپشکنن ( ئەوەی کە تەنها هێمایەك بوو بۆ عیسای مەسیحی پەروەردگار ) خودا لێدانێکی گەورەی لێدان (١ صاموئێل ٦ : ١٩ ) ئاخۆ دەبێ حاڵیان چۆن بێ سەبارەت بەوانەی سنووری کەسێك دەبەزێنن کە ڕۆڵەی خودایە ، عیسای مەسیحی پەروەردگارمان .

ئێمە لە سەرەتاوە دەمانەوێ ئەم بڕیارە بدەین : کە کەسی مەسیح لەسەرو تێگەیشتنی مرۆڤەوەیە . لە پە یمانی کۆندا لە بارەیەوە ووتراوە " ناوی سەمەرە دەبێ " ( ئیشایا ٩ : ٦ ) لە پە یمانی نوێشدا لەبارەی خۆیەوە فەرمووی : " کەس ڕۆڵە ناناسێ باوك نەبێ " ( مەتتا ١١ : ٢٧ ) ڕۆحی پارساش جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوەو دەفەرمووێ : " نهێنیی خوداناسی مەزنە ، خودا لەجەستەدا دەرکەوت " ( ١ تیمۆتاوس ٣ : ١٦ ) .

وە پێش ئەوەی بەڵگە پەرتووکیەکان بهێنینەوە لەسەر ئەوەی مەسیح ڕۆڵەی خودایە ، ئێمە دەمانەوێ لە پێشەکی ئەو سەرەتایە ئەوەشی بکەینەوە کە زۆر هەن مەبەستم لەوە تێناگەن .

ڕۆژی لێپرسینەوەیەکی ترسناك بەتایبەتی دەکەوێتە سەر ئەوانەی بە ووشەی گران و نەشیاو لەبارەی عیسای پەروەردگارەوە دەدوێن ( یەهودا ١٤ : ١٥ ) ئەوەشت لەبیر نەچێت کە مەسیح خۆی دادوەری زیندووەکان و مردووەکانە ( کردار١٠ : ٤٢ ) .

## واتای ڕۆڵەیی مەسیح

ڕۆڵەیی مەسیح واتای ئەوە نییە کە لەیەکەم ساتدا بە مێشکدا دێت کە ڕۆڵەییەکی بە زاووزێ و هاوسەرگیری . هەروەك چۆن واتای لە پیشبووش ناگەیەنێت ، واتا باوکەکە لە پێش ڕۆڵەوەیە ، لە ئقنوومەکاندا پاش و پێش نییە ، دەنا ئەو یەکسانییەی لەنێوان ئقنوومەکاندا هەیە کە یەکتایی گەوهەریی دەیسە پێنێ نەدەما .

کەواتە ئەم ڕۆڵەییی واتای چییە ؟

واتای مەبەست و ناوەڕۆکی ڕۆحی زۆر گرنگ وەك :

یەکەم ) خۆشویسـتنی دانسقـە : دەخوێنینەوە " بـاوك ڕۆڵەی خۆش دەوێ " ( یۆحـەننا ٣ : ٣٥ ) . وە ئەم خۆشویسـتنە لە ئەزەلەوەیە وەك فەرموودەی مەسـیح بـۆ بـاوك " چونکە تۆ منت خۆشویسـت بـاوکە پێش دروستکردنی جیهان " ( یۆحەننا ١٧ : ٢٥ ) . وە لەبەرئەوە لەبـارەیەوە ووترا ئەو " لەباوەشـی بـاوکدایە " ( یۆحەننا ١ : ١٨ ) بێگومان نەك بەو مانا و تێگەیشتنە بە پیتە و هەستیارە . بەڵکو بە تێگەیشتن و واتای ڕۆحی . هەروەها ئەو بەو نازناوە بەنرخە ناونرا " ڕۆڵەی خۆشویستنەکەی " ( کۆلۆسی ١ : ١٣ ) .

دووەم ) هاوکێشە تەواوەکە : فریشتەکان و هەموو ئادەمیزادەکانیش بەندەی خودان ، بـەڵام مەسـیح چونکە " ڕۆڵە تـاقـانەکەی خودایە " ( یۆحەننا ٣ : ١٨ ) . هاوسـەنگی خودایە . وە ئەمە هەروەك ئەو تێگەیشـتنەیە کە جوولەکە لە ڕۆژی خۆیاندا تێگەیشتن " لەبـەرئەوەدا جوولەکەکان خوازیاری کوشـتنی بـوون زیاتر نەك هەر تەنها یاسای شەممەی شکاند ، بەڵکو فەرمووی خودا باوکی ئەوە و خۆی بە هاوسەنگی خودا دانا " ( یۆحەننا ٥ : ١٨ ، ١٩ : ٧ ) . لەبەرئەوە لەبارەیەوە ئەوەش ووترا " ئەوەی لە شێوەو وێنەی خودا بوو " .

مەسیحیەت تەواو دوورو پاکە لەو بیرو هزرە بتپەرستانەوە . ئەو ڕادەگەیەنێت " خودا ڕۆحە " ( یۆحەننا ٤ : ٢٤ ) . ئەوانەش کە ئەم هزرە بۆ مەسیحیەت دەگەڕێننەوە گوزارشیان لە نەفامییان دەکەن بەوەی مەسیحیەت وا دەڵێ ، یان گوزارش لە نیازپیسیی خۆیان دەکەن ، لەگەڵ زانینیشیان بەوەی کە ئەوە زۆر دوورە لە باوەڕی مەسیحـییەوە نەخوێندەواران گومڕا دەکەن .

سەرچاوەی ئەم تێکەڵییە و وێنای هەندێك کەسە کە باوکەکان هۆکاری هاتنی ڕۆڵەکانن ، جیاوازییەکی کاتی لە نێوان ئەو دووانە هەیە . بەڵام لە ڕاستیدا کەسێك نابێ بە باوك مەگەر ئەو ساتەوەختە نەبێ کە کوڕێکی دەبێ ، لەسەر ئەوەوە ئەگەر لە لاهووتدا باوکێك هەبووبێ لە ئەزەلەوە ، کەوا تەواو دەخوازێت کە کوڕێکیشـی هەبـێت هەر لە ئەزەلەوە .

ئەوەی گرنگە لە شوێنی تێبینیکردندا ئەویە پەرتووك هەرگیز لەبـارەی مەسیحـەوە باسـی ئەوەی کردووە کە مەسیح لە خودا بووە ، حاشا . بەڵکو " ڕۆڵەی خودایە " جیاوازییەکەش ئاشکرایە ، دەشێ باوکێك هەبێ بەڵام لە هەموو واتـایەکی باوکایەتی داماڵرابێت . دەشبێ کەسێك هەموو واتـای بـاوکایەتی تێدا بـێت بـێئەوەی هیچ ڕۆڵەیەکی هەبێت کە لەو بووبن . لەدایکبوون بارێکی جەستەییە ، بەڵام باوکایەتی بارێکی ڕۆحییە . سەربارەی ئەوە دەستەواژەی ، مەسیح لەباوکەوە پەیدابـووە پێش هەموو ڕۆژگارەکان . نەوەك هەر پەرتووکی نییە بـەڵکو ووردیش نییە ، لەڕاستیدا حاڵەتی لەدایکبوون ڕووی نەداوە بەهیچ شێوەیەك .

جارێكی تریش جەخت دەكەینەوە كە ڕۆڵەیی واتای شوێنكەوتەیی نییە وەك هەندێك وای بۆچوون ( شوێنكەوتووانی ڕیڤن ) بەڵكو یەكسانی . پۆڵسی نێردراو دەفەرمووێ " لەگەڵ ئەوەش ڕۆڵە بوو گوێڕایەڵی فێربوو بەوەی ئازاری پێی چێژت " ( عیبرانیەكان ٥ : ٨ ) نێردراوەكە ناڵێت لەبەرئەوە كوڕێتی .

" هاوسەنگ بوونی لەگەڵ خودا " ( فیلیپی ٢ : ٨ ) . مەسیح زۆر بە ئاشكرا و ڕوونی فەرمووی " من و باوك یەكین "

( یۆحەننا ١٠ : ٣٠ ) .

سێهەم ) لێكچوونی تەواو : بە لەبەرچاوگرتنی ئەو لێكچوونەی لە نێوان باوك و ڕۆڵەدایە . ڕۆڵەكە دەتوانێ خودی خودامان بۆ ئاشكرا بكات نەك هەندێ لە خەسڵەتەكانی ، وەك بە فیلیپۆسی فەرموو " ئەوەی منی بینی ئەوا باوك ی بینیوە " ( یۆحەننا ١٤ : ٩ ) . ئەوەش ووتراوە " هەرگیز كەس خودای نەبینیوە ، بەڵام تاقانەی خودا ئەوەی لە باوەشی باوكدایە ئەو خودای بۆ دەرخستین " ( یۆحەننا ١ : ١٨ ) . لەمەدا ئەو ئایەتانە دەووترێتەوە : " خودای ئەم ڕۆژگارە بیری بێباوەڕەكانی كوێر كردووە تا ڕووناكی ئینجیلی شكۆمەندی مەسیحیان بۆ ڕۆشن نەبێت ، كە وێنەی خودایە " ( ٢ كۆرنتۆس ٤ : ٤ ) . " ڕۆڵەی خۆشویستنەكەی . . كە وێنەی خودای نەبینراوە " ( كۆلۆسی ١، ١٥ : ١٤ ) .وە ئەو تەنها " وێنەی خودا " نییە ، بەڵكو ئەویشە " ووشەی خودا " یە ( بینین ١٩ : ١٣ ) واتە گوزارشكەر لە خودا .

چوارەم : نواندنی فەرمی : لە هەموو ڕۆژگارەكانی پێش مەسیح لەتوانای كەسدا نەبوو بەهیچ شێوەیەك كە نمایندەی خودا بكات بەتەواو وەك فەرموودەی پۆڵسی نێردراو " خودا لە سەردەمی كۆن ، بە ڕێگای جۆراوجۆر بەهۆی پێغەمبەران لەگەڵ باوا نمان دوواوە " پاشان بۆ بەراورد دەهێنێتەوە لەگەڵ هەموو ئەوەی لە كۆنەوەیە تا بفەرمووێ : " لەم ڕۆژانەی دواییدا لە ڕۆڵەكەی دواین . . ئەوەی كە تیشكی شكۆمەندی خودایە و وێنەی گەوهەریەتی " ( عیبرانیەكان ١ : ١ ٣ ) .

لە پەندی ڕەزەوانەكاندا مەسیح باسی خاوەن ڕەزەكە ( خودا ) ی كردووە دوای ئەوەی لە چەند كاتێكی یەك لەدوای یەكدا چەند كۆیلەیەكی بۆ ناردن ، بێ ئەوەی هیچی لێیان دەستكەوێ لە بەری ڕەزەكە ، لەدواییدا ئەو كوڕێكی تاقانە و خۆشەویستی هەبوو ئەویشی نارده لایان دواجار ووتی هەرچۆنێك بێت لە كوڕەكەم سڵ دەكەنەوە ( ماركۆس ٢ : ٦ ) ئێستا دوای ئەوەی واتای ڕۆڵەیی مەسیح تێگەیشتنین با باسی بەڵگە لاهووتیەكانی بكەین ، كە ڕاستییەكی مەزنە ، كە گەورەترین بەرگكراوەكان ناتوانێ مافی خۆی بداتێ ، كە ئەویش لە تەقەڵ و تان و پۆی هەموو ئەو كردارانەی مەسیح كردوونی و هەموو ئەوانەی فەرموویەتی و هەموو ئەوانەی لەبارەیەوە تۆماركراوە چنراوە . بەڵام ئێمە بە باسكردنی كەمێكی وازدێنین ، كە گومانی تێدا نییە و بەسە بۆ هەموو ئەوانەی كە چاویان هەیە و دەبینن و گوێیان هەیە و دەبیستن و دڵیان هەیە تێدەگەن . باسەكەمان لەم بابەتە مەزنەدا دەكەین بە پێنج بەشەوە ، مەسیح خاوەنی :

* ناوە خوداییەکان .

* خەسڵەتە خوداییەکان .

* کردارە خوداییەکان .

* شکۆمەندە خوداییەکان . * وە چی لە پەیمانی کۆندا لەبارەیەوە ووتراوە هەرئەوەشی لەبارەوە ووتراوە لە پەیمانی کۆندا . ئایەتی تر هەن هاوکێشەکەمان بە وێنەیەکی ڕوونتر نیشان دەدەن با خوێنەر بگەڕێتەوە بۆیان ئەگەر وویستی کەڵکی زیاتر لێوەرگرێ ( یۆحەننا ٥ : ١٧، ١٤ : ٢١، ١٥ : ٢٤، ١٦ : ١٥، ١٧ : ٤، ٥، ١٠ ) .

ئەم ووتەیە بە پێی بنەڕەتی یۆنانیەکەی تێی دەگەین کە پێغەمبەران تەنها ئاشکراکردنە کەرتییەکان گواستۆتەوە ، کەسیان ئاشکرا کردنێکی تەواوی پێشکەش نەکردووە .

## یەکەم : مەسیح ناوە خوداییەکانی هەیە .

لەنێوان ئەو ناوانەی کە هی مەسیحە ، سێ ناو هەڵدەبژێرین :

١. خودا

لە پەیمانی نوێدا بە گوزارشێکی ڕاشکاوانە پێی ووتراوە " خودا " نزیکەی جار .

" لەسەرەتادا ووشەکە هەبوو ، ووشەکە لای خودا بوو ، ووشەکەش خۆی خودا بوو ... ئینجا ووشەکە بوو بە لەش و لە نێوماندا نیشتەجێ بوو " ( یۆحەننا ١٤،١ : ١ ) . بەڵام لەبارەی ڕۆڵەوە دەفەرمووێ " تەختی حوکمڕانیت ئەی خودا بۆ هەتاهەتایە " ( عیبرانیەکان ١ : ٨ ) . وە بەم ناوە مەزنەوە ناوی تر پەیوەست دەبن وەك : " خودای بەتوانا " لەنێو ناوە پێنجینەکەیەتی کە لە ( ئیشایا ٩ : ٦ ) دا هاتووە .

" خودای مەزن " ( تیتۆس ٢ : ١٣ ) .

خودایەکی پارسا بۆ هەتاهەتایە " یان " خودای پارسا تا هەتاهەتایە " ( ڕۆما ٩ : ٥ ) .

عیمانوئێل کە واتای خودا لەگەڵمانە " ( مەتتا ١ : ٢٣ ) .

خودایا " ( یۆحەننا ٢٠ : ٢٨ ) .

٢. ڕۆڵەی خودا

هەروەها نزیکەی جار لە سرووشدا لەبارەیەوە وەها ووتراوە . دوو جۆر لە ڕۆڵەیی مەسیح هەیە ئەویش بە پێی ئەو دوو سرووشتیەوە کە مەسیح هەیەتی ، سرووشتی خودایی و سرووشتی مرۆیی ، لەبەر ئەوەی شکۆمەندی بۆئەو

خودا و مرۆڤە لە یەك کاتدا ، مەسیح ڕۆڵەی خودایە لە ئەزەلەوە ، هەروەك چۆن ڕۆڵەی خودایە بە لەدایکبوونی لە مەریەمی خۆزگە پێخوازراو ، کە باوکێکی ئادەمیزادی نەبوو ، دوو ناوی تر بەم ناوە مەزنەوە دەبەسترێتەوە :

" ڕۆڵەی تاقــانە " بــەو پێیەی ڕۆڵەی ئەزەلییە ، بابــەتی خۆشویســتنی بــاوکەکە ، ئەوەی کەس هاوبەشــی ناکات لەم کەسایەتییە .. ئەم ناوەش پێنج جار لەبارەیەوە هاتووە ( یۆحەننا ١ : ١٨، ١٨ ، ٣ : ١٦، ١٤، ١ یۆحەننا ٤ : ٩ ) .

نۆبەرە " ئەو نازناوەیە کە ڕۆڵە پیرۆزەکە بەجەستە وەریگرت . ئەم دەستەواژەیەش لەبــارەی مەســیح پێنج جار هاتووە ( ڕۆما ٨ : ٢٩ ، کۆلۆســی ١٨،١ : ٥ ، عیبرانیەکان ١ : ٦ ، بــینین ١ : ٥ ) . ئەوەی شــایانی باســە ووشــەی نۆبــەرە بــەکەڵکی لە پێشبوونی کاتی نایەت ، بەڵکو بەرزی و شکۆیە لە پایەدا ، لەبارەی داودەوە ووتراوە " بیکە بە نۆبــەرە بەســەر هەموو پاشاکانی سەرزەوییەوە " ( زەبوری ٧٩ : ٢٧ ) .

٣ . پەروەردگار

ئەوە لە هەموو ناوەکانی تر بڵاوترە سەبارەت بە مەسیح ، نزیکەی ٦٥٠ جار هاتووە لە پەیمانی نوێ ، ١٧٠ جاریان لە چوار ئینجیلەکە .

بەم ناوە میهرەبانەوە ناوی تر پەیوەست دەبن وەك :

" پەروەردگاری شکۆ " ( ١ کۆرنتۆس ٢ : ٨ ، یاقوب ٢ : ١ ) .

پەروەردگاری پەروەردگاران " ( بینین ١٩ : ١٦، ١٧ : ١٤ ) .

پەروەردگاری هەمووان " ( کردار ١٠ : ٣٦ ) .

پەروەردگاری شەممە " ( مەتتا ١٢ : ١٨ ، مارکۆس ٢ : ٢٧ ، لۆقا ٦ : ٥ ) .

پەروەردگاری من " ( لۆقا ١ : ٤٣ ، یۆحەننا ٢٠ : ٢٨ ، فیلیپی ٣ : ٨ ) .

بۆ نموونە تەنها لە یەك بەشدا ، کە بەشی یەکەمە لە ئینجیلی یۆحەننا ١٢ ناو و نازناوی خودایی دەووترێتەوە ئەوانیش : " ووشەکە " ئایەتی ١ و ١٤ ، " ڕووناکیی ڕاستەقینە " ئایەتی ٩ ، " ڕۆڵەی تاقــانە " ئایەتی ١٨ ، " پەروەردگار " ئایەتی ٢٣ ، " عیسا " واتا " یەهوەی ڕزگاریدەر " ئایەتی ٢٩ ، " بەرخی خودا " ئایەتی ٢٩ و ٣٦ ، " ئەوەی بە ڕۆحی پارســا مۆر دەکات " ئایەتی ٣٣ ، " ڕۆڵەی خودا " ئایەتی ٤٣ و ٤٩ " ڕابی " واتا " فێرکار " ئایەتی ٣٨ ، " مەســیح " ئایەتی ٤١ ، " پاشای ئیسرائیل " ئایەتی ٤٩ ، " ڕۆڵەی مرۆڤ " ئایەتی ٥١ .

بەو شێوە باوك لەبارەیەوە ( ٧ جار ) فەرمووی ، بۆ نموونە بــڕوانە ( ٢ پەترۆس ١ : ١٧ ) . وە لەبــاریەوە ڕۆحــی پارســا گەواهی لەسەر داوە ، ( مارکۆس ١ : ١ ) ، خۆشی لەبارەی خۆیەوە فەرموویەتی ( یۆحــەننا ٩ : ٣٥، ١٠ : ٣٦ ) ، جوبــڕائیلی فریشتە لەبارەیەوە باس کردووە ( لۆقا ٣، ١ : ٣٢ ) . شەیتانەکانیش ناسیویانە ( مارکۆس ٥ : ٧ ) ، ئەوەی قوتابــیەکان باوەڕیان پێی بووە ( مەتتا ١٦ : ١٦ ، یۆحەننا ١ : ٣٤، ١١ : ٢٧ ، ... ) هەروەها بیانیەکان ( مەتتا ٢٧ : ٥٤ ) .

## دووەم : مەسیح خەسڵەتە خوداییەکانی هەیە .

**١ ) تەواوی توانایە :**

ئەوەیە کە ژیان و پەرجووە مەزنەکانی سەلماندیان و دەسەڵاتی ئەوی تێیدا دەبینین :

١. لەسەر نەخۆشی : بە ووشە خرا پترین نەخۆشیی چاك دەکردەوە ( یۆحەننا ٥ : ٨ ) ، هەر لە دوورەوەش ( یۆحەننا ٤ : ٥٠ ) .

٢. لەسەر سرووشت : بە ووشە ڕەشەبا و ڕەهێڵی دەریای ئارام کردەوە ( مارکۆس ٤ : ٣٩ ٤١، ٦ : ٤٨ ٥١ )

٣. لەسەر ئەفرێندراوە نا ئاقڵەکان : سێ پەرجوو لەسەر ماسی ( مەتتا ١٧ : ٢٧ ، لۆقا ٥ : ٤ ، یۆحەننا ٢١ : ٦ ) .

٤. لەسەر پڕکردنەوەی پێداویستیەکان : زۆرکردنی نان و ماسی ( مەتتا ١٤ : ١٦ ٢١، ١٥ : ٣٢ ٣٨ ) ، کردنی ئاو بە شەڕاب ( یۆحەننا ٢ : ٣ ١١ ) .

٥. لەسەر ڕۆحە بەدەکان : ( ٧ پەرجوو لە ئینجیلەکان ) .

٦. لەسەر مرۆڤ : ( مەتتا ٩ : ٩، ٣، ٢١ : ٢ ) .

٧. لەسەر مردن : بەزێنەر و زاڵ بەسەر هەموو مرۆڤدا . پەرجووی هەستانەوەی لە عازاڕ یەکەم ڕووداو بوو کە سێك دوای ناشتن و مانەوەی لە گۆڕا هەستێتەوە ، بەڵام لەو پەرجووە سەمەرەتر ئەوە بوو خۆی هەستایەوە لەنێو مردووان ، وە ئەوە وا دادەنرێت بەهێزترین بەڵگە بێت کە ئەو خودایە .

**٢ ) تەواوی زانستە :**

١. ناوی کەسەکانی دەزانی بێئەوەی کەس پێی بڵێ ( یۆحەننا ١ : ٢ ، لۆقا ١٩ : ٥ ) .

٢. کەسەکانی دەبینی لە شوێنی خۆیان ئەوان بە جەستە لێشی دوور بوون ( یۆحەننا ١ : ٤٨ ) .

٣. ڕابردووی ژیانیانی دەزانی ( یۆحەننا ٤ : ١٨ ) .

٤. مێژووی نەخۆشیەکانیان ، کە بە پێی جەستە لە تەمەندا لە پێشتر بوون ( یۆحەننا ٥ : ٦ ) .

٥. درۆ و پووچی و ساختەی ڕیاکارانی دەزانی ( یۆحەننا ٦ : ٧٠، ٧١، ٢١، ١٣ : ١٠ ٢٥ ) .

٦. ئایندەی دەزانی ، چی ڕوو دەدا پێش ڕوودانی ( مەتتا ٢١ : ٢ ٤، ٢٤ : ٣ ٤١ ، لۆقا ٢٢ : ٩ ١٣ ) .

دەبێ ئەو کەسە کێ بێت کە پەترۆس لەبارەیەوە فەرمووی " ئەی پەروەردگار تۆ هەموو شتێك دەزانی؟ " ( یۆحەننا ٢١ : ١٧ ) بەڵێ کێیە جگە لە خودا ؟!

٣ ) تەواوی ئامادەبوونە :

کات و سـات بـێ ئەو نابـێ " ئەوتا من هەموو ڕۆژێك لەگەڵتانم تا کۆتایی زەمانە " ( مەتتا ٢٨ : ٢٠ ) . هیچ پێگەو شوێنێکیش بێ ئەو نابێ " لەهەر شوێنێك دووان یاخود سـیان بـەناوی منەوە کۆ ببـنەوە ئەوا من لەنێوانیاندا دەبم " ( مەتتا ١٨ : ٢٠ ) .

٤ ) جاویدانی و نەمرییە :

ئەو ئەزەلییە : " لەسەرەتادا ووشەکە هەبوو " ( یۆحەننا ١ : ١ ) ئەوەش واتای ئەوەیە کاتێ دەستپێکی بوونی هەر شتێك ، سرووش نالێ " ووشەکە " پەیدا بوو یان دەستی پێکرد ، بـەڵکو " هەبـوو " . کە واتای ئەوەیە پێش سـەرەتا یان بـە دەربڕینێکی تر ئەو ئەزەلییە یان وەك لەبارەی خۆی فەرموو شکۆمەندی بـۆ ئەو " پێش ئەوەی ئیبراهیم ببـێ من هەم " ( یۆحەننا ٨ : ٥٨ ) .

ئەو هەتاهەتاییە : " من مردبووم ئا ئەوەتا من زیندووم بۆ هەتاهەتایی " ( بینین ١ : ١٨ ) . لەبەر ئەوە لەبارەیەوە لە ( بینین ١ : ٨ ) ئەم فەرموودە سەمەرەیە دێتەوە " ئەوەی هەیە و هەبووە و دێت " .

٥ ) ناگۆڕدرێ :

خودا بەم فەرموودەیە بانگی دەکات " ئاسمانەکان کاردەستی تۆیە . ئەو لەناودەچێت بەڵام تۆ دەمێنیت و هەمووی وەك جل شڕ دەبێ ... دەگۆڕدرێ . بەڵام خۆت خۆتیت " ( عیبرانیەکان ١٢،١ : ١١ ) . وە لەبارەیەوە ڕۆحی پارسا دەفەرمووێ " عیسای مەسیح خۆی خۆیە دوێنێ و ئەمڕۆ و تا هەتایە " ( عیبرانیەکان ١٣ : ٨ ) .

## سێهەم : مەسیح کردارە خوداییەکانی هەیە .

١ ) ئافرێنەر :

لەوێدا سێ بەش بەشێوەیەکی تایبەت وورد دەبنەوە لەسەر ئەم ڕاستییە گەوهەرییە ئەوانیش ( یۆحەننا ١ ، کۆلۆسـی ١ ، عیبرانیەکان ١ ) .

بۆ نموونە تەماشاکە لە ( کۆلۆسی ١ : ١٦ ) چی هاتووە " هەر بەویش هەموو شتێك ئافرێندراوە ئەوەی لەئاسمان و لەسەر زەوییە ئەوەی دەبینری و نابینرێ خاوەن تەختەکان یان گەورەکان یان سەرۆکەکان یان دەسەڵاتدارەکان خودا هەمووی بە ئەوو بـۆ ئەو ئافراند " . ئایا دەبـێ پێغەمبـەرێك یان تەنانەت خوداوەندێکی پلە دوو هەموو گەردوون و هەموو ئافرێندراوەکان بەدەوری بگەرێن ؟ ؟

٢ ) پارێزەر :

" هەڵگری هەموو شتەکان بە ووشەی تواناکەی " ( عیبرانیەکان ١ : ٣ ) .

٣ ) زیندووگەرەوە :

هەروەك چۆن باوك مردووان هەڵدەسێنێتەوە و زیندوویان دەکاتەوە هەروەها ڕۆڵەش هەرکەسێك بیوویت زیندووی دەکاتەوە .. ئەوکاتە دێت کە ئێستایە کەوا مردووان گوێیان لە دەنگی ڕۆڵەی خودا دەبێ ئینجا ئەوانەی گوێیان لێ دەبێ زیندوودەبنەوە " ( یۆحەننا ٥ : ٢١، ٢٥ ) .

٤ ) لێخۆشبووی گوناهەکان :

لەژیانیدا بە پیاوێکی فەرموو ( مارگۆس ٢ : ٥ ) وە بە ئافرەتێکیش ( لۆقا ٧ : ٤٨ ) . وە دوای مردنی و هەستانەوەی و بەرزبوونەوەی لەنێو جەماوەری باوەڕداران پیاو و ژن ( کۆلۆسی ٣ : ١٣ ) .

٥ ) ڕزگاریدەر :

ناوی دەنێیت عیسا ( واتا خودا ڕزگاردەکات ) چونکە گەلەکەی ڕزگاردەکات لە گوناهەکانیان " ( مەتتا ١ : ٢١ )

٦ ) بەخشێنەری ڕۆحی پارسا :

ئەوەی دەبینی ڕۆح دادەبەزێ و جێگیر دەبێ لەسەری ئەوە ئەوە کە بە ڕۆحی پارسا مۆردەکات . منیش ئەوەم بینی و گەواهیم دا کە ئەو ڕۆڵەی خودایە " ( یۆحەننا ١ : ٣٣، ٣٤ ) هەروەها بڕوانە ( کردار ٢ : ٣٢ ٣٣ ) .

٧ ) لێپرسەر :

لەگەڵ ئەوەی " خودا لێپرسەری هەموانە " ( عیبرانیەکان ) ، بەڵام پۆڵسی نێردراو دەفەرمووێ " عیسای مەسیحی پەروەردگار ئامادەکارە کە لە زیندووان و مردووان بپرسێ " ( ٢ تیمۆتاوس ٤ : ١ ) " چونکە باوك لەکەس نا پرسێتەوە بەڵکو هەموو لێپرسینەوەیەکی دا بە ڕۆڵە " ( یۆحەننا ٥ : ٢١ )

بڕوانە پەرتووکی ( پەرجووەکانی مەسیح ) .

ئەوەی مرد سرووشتە مرۆییەکەی مەسیح بوو ، کاتێ ڕۆحە مرۆڤیەکەی سپارد بەدەستی باوکدا کاتێ لەسەر خاچەکە بوو ( لۆقا ٢٣ : ٤٦ ) . بەڵام لاهووتەکەی حاشا کە بڵێین مرد . لەبەر ئەوە توانی خۆی هەستێنێتەوە ، فەرموودەکەی بۆ جولەکەکان " ئەم پەرستگایە بڕوخێنن ، لەسێ ڕۆژدا من هەڵیدەستێنمەوە ... بەڵام ئەو دەربارەی پەرستگای جەستەی دەفەرموو " ( یۆحەننا ٢ : ١٩ ٢٢ ) . هەروەها فەرموودەکەی " من ژیانم دەکەم بەقوربانی تا جارێکی تر وەریگرمەوە ، بەڵگو من بە ئارەزووی خۆم پێشکەشی دەکەم ، من دەسەڵاتی پێشکەشکردن و بردنەوەیم هەیە " ( یۆحەننا ١٠ : ١٧، ١٨ ) .

هەروەك ئاریۆس لە سەدەی چواری زاینی لەو داهێنانەی ناوی هەڵگرتبوو ووتی . وە هەروەکو ئەمڕۆ خاوەن داهێنانە نوێیەکان دەڵێن وەك گەواهیدەرانی یەهوە و مورمۆنەکان .

## چوارەم : مەسیح شکۆمەندییە خوداییەکانی هەیە .

ئەو بابەتی باوەڕە و مەبەستی کڕنۆش بردنە .

بابەتی باوەڕ :

" ئێوە باوەڕتان بە خودا هەیە باوەڕیش بە من بهێن " ( یۆحەننا ١٤ : ١ ) تێبینی بکە پەروەردگار بۆ دەفەرمووێ ئێوە باوەڕان بە خودا هەیە باوەڕیش بەمن بهێنن ، هەروەك دوو کەس بن و پێویستە باوەڕیان پێ بهێنین یان باوەڕی مەسیحیمان لەسەر دوو شت بنیاد نراوە ، نەخێر بەڵکو " باوەڕتان بە خودا هەیە باوەڕ بە منیش بهێنن " ئایا ئەوە واتای ئەوە نییە زۆر بە ڕوونی کە ئەو خودایە ؟ ! ئای لەو بەرەکەتەی کە دەبێتە بەشی هەموو ئەوانەی باوەڕ بە مەسیح دەهێنن " هەموو پێغەمبەران گەواهیی ئەوەی بۆ دەدەن کە هەموو ئەوانەی باوەڕی پێ بهێنن بەناوی ئەو لێخۆشبوون لە گوناهەکانیان دەستدەکەوێ " ( کردار ١٠ : ٤٣ ) .

لەم ناوە بەخشندەو پیرۆزە ناوی عیسای مەسیحی پەروەردگارمان باوەڕدار ئەم بەرەکەتانە بەدەست دێنێ :

١. لێخۆشبوونی گوناهەکان ( ١ یۆحەننا ٢ : ١٢ ) .
٢. ڕزگاربوون ( کردار ٤ : ١٢ ) .
٣. ژیانی جاویدانی ( یۆحەننا ٢٠ : ٣١ ) .
٤. پەناگەیە لە ڕۆژگاری تەنگ ( پەندەکان ١٨ : ١٠ ) .
٥. دڵنەواییدەرکاتی پەژارە ( ئیشایا ٢٦ : ٨، ٩ ) .
٦. بەم ناوە بەخشندەیە پارساکان کۆدەبنەوە ( مەتتا ١٨ : ١٢ ) .
٧. بەم ناوە بەخشندەیە باوەڕداران نوێژەکانیان بەرز دەکەنەوە و باوك وەڵامیان دەداتەوە ( یۆحەننا ١٦ : ٢٣ ، ٢٤

ئەگەر مەسیح خودا نەبووایە دەتوانرا ئەم هەموو بەرەکەتانە بەناوی ئەوەوە پەیوەست بێت ؟ ئەگەر ئەو تەنها مرۆڤ بووایە دەیتوانی لە ڕۆژی خۆیدا هەموو ماندووان و بارگرانەکان بانگ بکات بێنە لای تا بیا نحەسێنێتەوە ( مەتتا ١١ : ٨ ) ؟ ئایا دەیتوانی هەموو تینووەکان بانگ بکات بێنە لای تا ئاو بخۆنەوە و لەسکیانەوە ڕووبااری ئاوی زیندوو هەڵبقوڵێ واتە ڕۆحی پارسا ( یۆحەننا ٧ : ٣٧ ٣٩ ) ؟ .

مەبەستی کڕنۆش بردن :

لەڕۆژانی بەجەستەبوونی مەسیح کڕنۆشی بۆبرا ( ئەوەی تەنها شایستەی خودایە ) لە یانزدە بۆنە لە ئینجیلەکاندا هاتووە و تێبینی دەکەین کە مەسیح لەو جارانەدا کڕنۆشی پەسەند کردووە ، کڕنۆشبەرانیشی گازندە نەکردووە ، لەگەڵ ئەوەی ئەو خۆی بە شەیتانەکانی فەرمووە " نووسراوە بۆ پەروەردگار خوداوەندت کڕنۆش دەبەیت و تەنها ئەو دەپەرستیت " ( مەتتا ٤ : ١٠ ) بۆ نموونە ، گولێك کڕنۆشی بۆبرد و داوای چاکبوونەوەی لێکرد ( مەتتا ٨ : ٢ ) ، ئەوەی کەسەی کە کوێر بوو کڕنۆشی بۆبرد دوای ئەوەی چاکی کردەوە ( یۆحەننا ٩ : ٣٨ ) هەموو قوتابیەکانیش کڕنۆشیان بۆ برد چ پێش لەخاچدانی ( مەتتا ١٤ : ٣٣ ) چ پاش لەخاچدانی ( مەتتا ٢٨ : ١٧ ) .
وە لەم نزیکانە ، کاتی هاتنەوەی بۆ جیهان بۆ جاری دووەم ، هەموو فریشتەکانی خودا کڕنۆشی بۆ دەبەن ( عیبرانیەکان ١ : ٦ ) . هەروەك هەموو ئەژنۆکان بەچۆکدادێن بەناوی ئەو ، ئەوەی لە ئاسمانە و ئەوەی لەسەر زەوییە و ئەوەی لەژێر زەوییە ( فیلیپی ٢ : ١٠ ) . بەڵێ بەناوی ئەو هەموو ئەژنۆکان بەچۆکدادێن ، کەس دەربازی نابێ .. ئایا زۆر باشتر نییە ئێستا کڕنۆشی بۆببەیت ؟

## پێنجەم : لەپەیمانی نوێشدا ئەوانەی لەبارەیەوە هاتوون هەر ئەوانەن کە لە پەیمانی کۆندا هاتووە لەبارەی ( یەهوە ) .

بۆکورتکردنەوە تەنها بە حەوت ئاماژە باسیان دەکەین :

١ ) ( ئێرمیا ١٧ : ١٠ ) " من پەروەردگارم ( بەعیبری یەهوە ) پشکنەری دڵ و تاقیگەری گورچیلە ، تا بەری کردەوەکانی هەریەکێکتان بە پێی ڕێگەی خۆی بدەمێ " لە ( بینین ٢ : ٢٢ ) فەرموودەی مەسیح دەخوێنینەوە " وا هەموو وارگەکان دەزانن من پشکنەری گورچیلە و دڵانم و هەرکەسێ بە پێی کردارەکانتان بپێی دەدەم " .

٢ ) لە ( ئیشایا ٤٨ : ١٢، ١٣ ) " من ئەوم ( واتە بەخودی خۆی هەبوونی هەیە ئەوەش لەناوەکانی پایەبـەرزییە ) . من ئەوم یەکەم و دوواهەمین . دەستم زەوی دامەزراند و دەستەڕاستم ئەسمانەکانی پەرش کردەوە " هەروەها بڕوانە ( ئیشایا ٤٦ : ٦ ) .
مەسیح لە سیپارەی ( بینین ) چوار جار دەفەرمووێ " من ئەوم یەکەم و دوواهەمین " ( ١ : ١٧، ١١، ٢ : ٢٢، ٨، ١٣ : ١٣ ) .

٣ ) لە ( پەندەکان ٣٠ : ٤ ) ئەجور لە مەتەڵەکانی لەبارەی خودای پارسا دەفەرمووێ : "کێ بەرزبووەوە بۆ ئاسمان و دابەزی ؟ " مەسیحیش لە ( یۆحەننا ٣ : ١٣ ) دەفەرمووێ " کەس بەرزنەبووە بـۆ ئاسمان تەنها ئەو نەبـێ کە لە ئاسمانەوە دابـەزی ڕۆڵەی مرۆڤکە ئەو لە ئاسمانە " .

٤ ) لە ( زەبورەکان ٦٨ : ١٨ ) داود بە پەروەردگار خوداوەند دەفەرمووێ " کاتێ بەرز بـوویتەوە بـۆ بـەرزایی ڕا پێچکراوانت ڕا پێچکرد ، ... ئەی پەروەردگار خوداوەند " لەبارەی مەسیحەوە پۆڵسـی نێردراو وەری دەگرێ لە ( ئەفەسـۆس ٤ : ٨ ) بـۆیە دەفەرمووێ " کاتێ ئەو بەرز بووەوە بۆ بەرزایی ڕا پێچی ڕا پێچکراوانی کرد ، دیاری بە خەڵکی بەخشی ... ئەوەی دابـەزی هەر ئەوە بوو بەرز بووەوە " .

٥ ) لە ( ئیشایا ٦ : ١ ـ ١٠ ) باس لە گەورەکە ، پاشاکە ، پەروەردگاری سوپاسـالار دەکات ، لەبـارەی ئەو دەدوێ ، یۆحـەننای نێردراویش وەری دەگرێ و لە ئینجیلەکەیدا لەسەر عیسای پەروەردگاری بەجێدێنێ ( یۆحەننا ١٢ : ٣٨ ـ ٤١ ) .

٦ ) لە ( ئیشـایا ٢٣ ، ٤٥ : ٢٢ ) خودا دەدوێ و دەفەرمووێ " سـوێندم بـە خودی خۆمم خواردووە ... تا هەموو ئەژنۆکان بەچۆکدابێن و هەموو زمانێك سوێند بخوات " پۆڵسی نێردراو ئەم فەرموودانە دوو جار لەسەر مەسیح بەجێدێنێ لە ( ڕۆما ١٤ : ١١ ، فیلیپی ١١، ٢ : ١٠ ) .

٧ ) لە ( زەبوری ٩٧ : ١ ) ئاماژەی کردووە بە کڕنۆشـی هەموو خوداوەندەکان بـۆ ( یەهوە ) ی پەروەردگار . نێرداوەکەش وەری گرتووە لە ( عیبرانیەکان ١ : ٦ ) لەبارەی مەسیح کاتی هاتنەوەی بۆ جیهان جاری دووەم هەموو فریشتەکانی خودا کڕنۆشی بۆ دەبەن .

## ئەی ئێستا ، ئایا هەر بەگومانی ؟

دوای ئەو بەڵگانە یەکێك لە دڵسۆزەکان لە لێگۆڵینەوەکانیان دەربارەی ڕاستی دەڵێ : من دۆشداماوم ، چونکە لەوێدا - لەگەڵ ئەوانەش کە باسکران ئایەتی زۆر هەیە لە پەرتووکی پارسا باس لە مەسیح دەکات کە وەك مرۆڤێکە ، وە ئەو لە خودا کەمترە . بەڵکو لە فەرموودەکانی مەسیح دژەیەك هەیە ، جارێك دەفەرمووێ " من و باوك یەکین " جارێکی تر دەفەرمووێ " باوکم لە من مەزنترە " ( یۆحەننا ١٤ : ٢٨، ١٠ : ٣٠ ) ئایا ئەمە وا نییە تێی نەگەیت ؟ پاشان کاتێ مەسیح دەفەرمووێ " هەموو دەسەڵاتێکم پێدرا " ( مەتتا ٢٨ : ١٨ ) ئایا ئەمە بەڵگە نییە لەسەر ئەوەی کە کەمترە لەوەی دەسەڵاتەکەی پێداوە ؟

وەڵام ئەوەیە لە فەرموودەکانی مەسیحدا دژەیەك نییە . بـەڵکو مەسـیح لە پێناوی قوربـانیدانی ئێمە لە مردن و نەفرەت ( کە لە بابەتی کەفارە تمەندی شی دەکەینەوە ) ووتراوە " خۆبەخشانە وازلە شکۆمەندییە ئاشکراکەی دەهێنێ " ( فیلیپی ٢ : ٧ ) وە " ڕێگەی بە خۆی دا کە لە ئافرەتێك ببێت ، لەژێر شەریعەت " ( غەلاتیە ٤ : ٤ ) ، وە " لە فریشتەکان بە کەمتر دانرا " ( عیبرانیەکان ٢ : ٩ ) ، وە " ببـێ بـە مرۆڤ " ( یۆحـەننا ٨ : ٤٠ ) . وە ئەوە هۆیەکەیە کە هەندێ جار لە ڕێکەوتێك لەگەڵ بـاوکی دەدوێ لە لاسەنگییەك بۆ باوکی ، وە ئەوە پێگەی ئەزەلی خۆیەتی لە سـێیانەدا ، وە هەندێ جاری تر لەبـارەی خۆیەوە دەدوێ کە نێردراوی خودایە بۆ تەواوکردنی کڕینەوەکە .

گوێبگرە پەرتووك چی لەبارەیەوە دەفەرمووێ " کە لەوێنەی خودا بوو ( کە وا بوو لە ئەزەلەوە ) خۆی وا دانەنابـوو بەنهێنیشـەوە هاوسەنگ بـێ لەگەڵ خودا ( چونکە ئەو بەڕاسـتی خودایە ) بـەڵام وازی لەخۆی هێنا ، وێنەی کۆیلەیەکی وەرگرت . وەك شـێوەی خەڵکی لێهات ( بەو شێوەیە تا بمرێ ) ... مردنی سەرخاچ " ! ( فیلیپی ٢ : ٦ ـ ٨ ) .

لە پێناوی تۆ ڕۆڵەی خودا بێفیز بـوو ... تاوەکو تۆ بـکڕێتەوە خۆی لەجێی تۆ دانا ، تا بمرێ لەسـەر خاچ ... دوای ئەمەش ڕەتی دەکەیتەوە یاخود ڕقت لێ دەبێتەوە ؟ !

ئەو خودایە ... ئەو مەزنە ... بەڵام بەخشش سەمەرەکەی کە ئەوی بۆ هێناوین " ئێوە بەخششـی پەروەردگارمان عیسـای مەسـیح دەزانن ئەو لە پێناوی ئێوە خۆی هەژارکرد کە دەوڵەمەندە تاکو ئێوە بـە هەژاریی ئەو دەوڵەمەندبـن " ( ٢ تیمۆتاوس ٨ : ٩ ) ئایا سەیر نییە ئەوەی وایلێکردی زیاتر خۆشت بوێت ، ئەوەتا شەیتان دوژمنی مەسیح و دوژمنی تۆ دەیەوێت لە پێناوی ڕقت لێ بێتەوە و ڕەتی بکەیتەوە ؟ ئاگاداربە لەوەی دەیکەیت !

ئەوەش بزانە هەڵوێستی تۆ لە مەسیح چارەنووسی هەتاهەتاییت دیاری دەکات . لەگەڵ ئەوەی ئەو لەو بـێفیزییەی ئەو بـەردەی دەبێتە کۆسپ بۆ خەڵکی ( ١ پەترۆس ٢ : ٨ ) بەڵام کێ بەسەر ئەو بەردەدا دەکەوێ ( واتە بەکەم دەیزانێ چونکە ئەو بێفیزە ) تێك دەشکێ . ئەوەش کە بەردەکە بەسەریدا بکەوێت ( لە ڕۆژی لێپرسـینەوەی نزیك ) پانی دەکاتەوە ( مەتتا ٢١ : ٤٤ ) پاشـان بـزانە سەرسوڕمانت بە کەسایەتی مەسیح بەکەڵکت نایە . نەخێر ، سەرسوڕمان داخواست نییە ، بەڵکو بـاوەڕ . مەسـیح فەرمووی " ئەگەر باوەڕ نەهێنن من ئەوم لە گوناهەکانتانا دەمرن " ( یۆحەننا ٨ : ٢٤ ) . کەواتە بـاوەڕ دەهێنی ؟ بەڵکو تەنانەت پەسەندە ئەقڵی و هزرییەکەشت بەکەڵکت نایە . تۆ پێویستیت بەوە هەیە کە خودا لە دڵتا هەبێت ئەو کاتە دەزانی عیسا کێیە ، وە بۆچی ئەو هات بۆ جیهان . تۆ پێویستیت بە باوەڕی ڕاستەقینە هەیە لە دڵدا باوەڕت بە ڕۆڵەی خودا هەیە ؟ ( یۆحەننا ٩ : ٣٥ ) .

وەك کوێرەکەی چاوی چاکبووەوە خۆزگە وەك ئەوەت دەکرد ، ئەوەی وەڵامی مەسیحی دایەوە لەسەر پرسەکەی پێشووی . بەو دەڵێ " باوەڕ دەهێنم گەورەم ، ئینجا کڕنۆشی بۆ برد " .

ئەم فەرموودە جوانە مەسیح فەرمووی لە کاتێکدا بـەرەو خاچ و مردن دەڕۆیشـت ئەویش ئەوەی دەزانی ( یۆحـەننا ٢١ : ١٣ ، ٣٦ ) بەڵام لەگەڵ ئەوەش داوای لە قوتابیەکانی کرد کە بیکەنە بابەتی باوەڕیان چونکە ئەو کلیلی چارەنووسی هەتاهەتاییە " ڕێگاو ڕاستی و ژیان " !

ئەم بەڵگەیە لەگەڵ چوار بەڵگەی پێشوو ، وەڵامدانەوەیەکی یەکلاکەرەوەیە بـۆ ئەو کەسـانەی لاهووتی مەسـیح ڕەت دەکەنەوە لەوانەی بانگەشەی ئەوە دەکەن ( گەواهیدەرانی یەهوە ) ن ، وە ئەوانەی چالاکیەکانیان زۆربووە لەم دواییەدا .

ئەگەر هەر پرسێکت هەبوو یان دەتەوێ خۆقسە لەگەڵ کەسێك بکەیت
بتوانێت تێت بگات و هەموو پرسەکانت وەڵام بداتەوە
ئەگەر زانیاری زیاترت وویست یان تۆ لە هەر وولاتێك بوویت و وویستت
نامەت بۆ بنێرین
تەنها نامەیەك بنووسە بە پۆستی ئەلیکترۆنی یان پەیوەندی
تەلەفۆنیمان پێوە بکە تاکو بتوانین زیاتر یارمەتیت بدەین
ژیانی خۆشویستنی جیهانی - کوردستان
laii.org